هەردووکیان ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن؛ یەکێکیان: خۆی نەدەپاراست (لەپرشی میز) لە کاتی میز کردن، وئەوی تریان: کاری دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) بوو

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای دوو گۆڕدا تێپەڕی، فەرمووی: «هەردووکیان ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن؛ یەکێکیان: خۆی نەدەپاراست (لەپرشی میز) لە کاتی میز کردن، وئەوی تریان: کاری دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) بوو (لە نێو خەڵکیدا)»، پاشان لقە دارخورمایەکی سەوزی برد، وکردی بە دوو بەش، و هەریەکێکی لەنێو گۆڕێکدا چەقاند، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی وات کرد؟ فەرمووی: «بەڵکو سزایان لەسەر کەم بکرێتەوە هەتاوەکو وشک بونی ئەم دووڵقە دار خومایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای دوو گۆڕدا تێپەڕ بوو، فەرمووی: ئەم دوو کەسەی لەنێو ئەم دوو گۆڕەدان ؛ ئازار دەدرێن، و لەسەر تاوانی گەورە ئازار نادرێن لەتێڕوانینی ئێوەدا ؛ بەڵام لای خوای گەورە تاوانی گەورەن. یەکێکیان: گوێی نەئەدا بە پاراستنی لاشە وجلی لەکاتی میزکردنیدا وکەسی دووەم: کاری دوو زمانی کردن (نەمیمە کردن) بوو لەنێو خەڵکیدا، قسەی دەهێنا ودەی برد بەمەبەستی زیان پێگەیاندن ودووبەرەکی وناکۆکی نانەوە لەنێوان خەڵکیدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3010